که تۆ ڕۆشتی باوان

مردن هاتن

به هەموو دێوجامەکانی نەبارین

بارین

.......

.......

..........

پێپێشکەش به باوان و

هەموو ئەو ساڵه فانتازیاییانەیپێکەوه ژیاین

هەروەها، پەری و بێگەرد و سوارۆ و سۆران که بیست ساڵ ڕەنجی

ژیانی شاعیرانەیان لەگەڵ کێشام.


KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

کابل و
نە ئەشکەنجەش...چاوی
جار بە جار لەشم
ئەوەیە ئازیز ! من
ئەگینا :
تـــــــــۆ...هەر ڕۆژان
ئاشقترینم شەوان
تام... بۆن... تۆمن...
منتو....
بەسە مەیانگری !
بەزمی مانگ هەمووی
تەمی خەمە نە مۆسیقا
ئەدزیٚ...تەمی سەرم
جن.. جن.. یو.. ئێواران بۆ شەو
هەتاویش نەخوازەڵا
سەریٚ لەم سەر تۆپەکەش
بدا... ڕۆژ
تۆ با ڕەشەی.. هەشی
لەشی... ڕەش





بە پاڵ حەساری ئێوارانا
پاییز خەمترین گەڵا زەرد
من ..
بەهار گەشترین گوڵ تۆ
مەلەرێوە... بۆنت... کەڕ
من
شۆڕ
ئەبێتە
وە
بۆ چاوم

هـــــــــــــــــــــــە
نــــــــــــــــا ســــــــــەت
ئاخرین هەتاوم... ئەریٚ یاد
نایەتەوە بە چاوەکانتا... یاد
یاد

یاد
ئەستێرەش فرۆشتمی
شەوان



www.kurdistannet.org

مێرووله لەپاڵتا ئەژمێریٚ کاکێشان
ئاسمانیش بچووکه بڕوانه ،
مێرووله‌ی کاکێشان
له چاوتا چ بێدەنگ .
.............
گەرمامه چاوم بۆ تۆ ...
تۆی ئێستای /2000/
وەک باوان
که رەنگی به باوش دەهاورد..
خەیاڵه .. خەیاڵه ...
شێعره سات
/ فەلسەفه و زانست و بەیانی /
وەک زمان که شێواوم ئێستا
نازانم
بەرەنگی جگەره و شەراب و
.....یاخـــــــــــــــی بوون
به رەنگی قژ .. یان دیانت
/ وەک برینج نەمانبوو /
وەک سەعات هەمەرەنگ



/ نیمانه /
..... زەمەن .....
ئاخ باوان شێواوم
هیچ تامیٚ نازانم
وەکوو رەنگ ..
چ رەنگه مێژوومان ؟
چ رەنگه زانستمان ؟؟
چ رەنگه ئەم ئەشقه شێواوه ؟؟؟
/ نازانم / کورد ..
هەناسه تاڵه سوٚڵ
یا مزر ..
خوارەوه نابینم هەر کەوش و
ئەویش رەش
وەکوو شیـــر ..
وەکوو بەرد ...
به لەشما
پەپووله .. واویٚ ش م
ش ا و یٚ م و
ش و یٚ ا م و



www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET
کوردستان نێت

سەوزاویم ....ئابە سەوز

یان رەنگیٚ

نەئیتر... بێرەنگی هەتا کەی ؟

نە شێوام

شێواوم .....تێکچوونێک

هەتا ... بەرد

.................

تۆ باوان

شەوێکی بەنەوش و ...

/ـ ئەم کێشە شیعریەچ زاڵە بە سەرتا بیگۆرە /

لە جگەری داوم .. گیان! لەجگەری داوم .گیان !

لەجگەری داوم ../گۆرانی /

ئەگەر من هەتا چەم

بە کێوا سەرکەوم /بەچەندە؟/

ـــــ بە چەندە ماچت کەم ؟

ـــــ بە چەندە ئەو گوڵە؟

ئەم شێعرە؟

ئەو وشەی نێرگسە؟

حەزیٚ خۆش بەچەندە؟





ئا..را...می..

ئێستاکە شێعرێکیش ناتوانم

ئەفرۆشم!

{ وەک ئێوە کە خاک و

پیاوەتی و

/چەند رقمە لەم وشەی پیاوانە/

کە شەرەف

زۆر جاران ولاٚت و

ئاسمان و

ئەستێرە تا.....شیعر }

ـ بەچەندە ؟..

ماچێك و دوو بیرە ؟

حەزێك و دوو شیعر و ساردیەك

ماستاویٚ حەساویش

بۆ خۆم و

ولاٚت و

دەسەلاٚت

ئێستاکە ناتوانم شیعرەسات

تەواو بوو

www.kurdistannet.org

*شیعرةسات شیعرة خةوونێکةلة دة قاشي زیهنيدا. بةداخةوة باوةکو ئةم شیعرانة زؤرترین کارتێکردني لةسةر بةرةي نوێخوازاني کوردستاني ئێران هةبوو بةلاَم جطة بةشي ٢و ٧و بةشێکي ٩مةوداي بلاَوکردنةوةي نةبوة. شیعرةساتةکان ثێکةوة لة سالَي 2000دا لة ئێوارة شیعریکدا لة هؤلَي کتێبخانةي سةقز خویندرایةوة و لة لایةن زؤرکةسةوة خرایة بةرباس و رةخنةکاري.. ئةوخوێندنةوة بة CDوکاسێتي ویدیؤیي بلاَوکراوةتةوة، بةلاَم دیسان بةداخةوة هةنيَ دێري سةرةکي تێدا «حةزف»کراوة..

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET